# هەژاری و بێکاری و هەڵئاوسان و پەیوەندی بە پاڵنەری هاوسەرگیری لای گەنجان

أحمد علی حمە
بەشی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

هاوسەرگیری تەنیا پەیوەندی تاکەکەسی، یان بایۆلۆژی نییە، کە پەیوەندی بە دوو تاکی کۆمەڵگەوە هەبێت. بەڵکو پرۆسەیەکی پەیوەستە بە تەواوی کۆمەڵگەوە. ئاوێتە بوونی دوو خانەوادەیە، بەرلەوەی ئاوێتە بوونی دوو کەس بێت. ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی. خاڵی وەرچەرخانی گرنگە، لە ژیانی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا. تەنیا ڕێگەی وەچە خستنەوەیە بەشێوەیەکی شەرعی و ڕێگە پێدراو، کە هیچ لێکەوتەیەکی نەرێنی کۆمەڵایەتی و دەرونی لەسەر وەچە و خانەوادەکان نابێت. ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پاڵنەرەکانی هاوسەرگیریە لای گەنجان، هەروەها کاریگەری گۆڕاوەکانی (هەژاری و بێکاری و هەڵئاوسانە) لەسەر خواستی هاوسەرگیری لای گەنجان، لەم توێژینەوەیە شێوازی وەصفی بەکارهاتووە و میتۆدی ڕووپێوی لە جۆری ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، کۆمەڵگای توێژینەوەیەکە بریتیە گەنجانی دانیشتووی شاری سلێمانی کە لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا تەمەنیان لەنێوان (18-34) ساڵ بووە، هەروەها نمونەی توێژینەوە پێکدێت لە (213) گەنج، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە، پێوەرێك بەکار هاتووە بۆ پێوانەکردنی خواستی هاوسەرگیری و ئاستەنگەکانی (هەژاری و بێکاری و هەڵئاوسان) توێژینەوەکە گەیشتوە بەم ئەنجامانە: پاڵنەری هاوسەرگیری لای گەنجان لە ئاستێکی بەرزدایە و هەریەکە لە ئاستەنگەکانی (هەژاری و بێکاری و هەڵئاوسان) هۆکارو ڕێگرن لە کەمبونەوەی خواستی گەنجان بۆ هاوسەرگیری و ڕەگەزی نێرو مێ تێڕوانینیان وەك یەکە سەبارەت بە ئاستەنگەکانی (هەژاری و هەڵئاوسان) بەڵام ڕەگەزی نێرینە پێیوایە بێکاری ئاستەنگێکی بەهێزە لەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیری و پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان پاڵنەری هاوسەرگیری و (هەژاری و بێکاری و هەڵئاوسان).

**وشە سەرەکییەکان:** هەژاری، بێکاری، هەڵئاوسان، هاوسەرگیری، گەنج.

## 1. ناساندنی توێژینەوە

### 1.1 کێشەی توێژینەوە:

هاوسەرگیری تەنیا پەیوەندی تاکەکەسی، یان بایۆلۆژی نییە، کە پەیوەندی بە دوو تاکی کۆمەڵگەوە هەبێت. بەڵکو پرۆسەیەکی، پەیوەستە بە تەواوی کۆمەڵگەوە. ئاوێتە بوونی دوو خانەوادەیە، بەرلەوەی ئاوێتە بوونی دوو کەس بێت. ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی. خاڵی وەرچەرخانی گرنگە، لە ژیانی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا. تەنیا ڕێگەی وەچە خستنەوەیە بەشێوەیەکی شەرعی و ڕێگە پێدراو، کە هیچ لێکەوتەیەکی نەرێنی کۆمەڵایەتی و دەرونی لەسەر وەچە و خانەوادەکان نابێت. (الوحشی، 1997: 312)

بێگومان هەموو تەنگژەیەکی ئابووری کاریگەری و لێکەوتەی لەسەر تاک و کۆمەڵگە دەبێت، بەڵام کاریگەرترین لێکەوتەکانی لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری و خێزان بریتیە لە (هەژاری، بێکاری و هەڵئاوسان). ئەمانە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر بڕیاری چونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری، مانەوەو بەردەوامیدان بە پرۆسەکە. بێگومان بارودۆخی ئابوری و چۆنێتی روبەڕوبونەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا، یەکێکە لەو کۆسپانەی روبەڕوی گەنجان و بڕیارەکانیان دەبێتەوە.(الساعاتي، 1981: 237) ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئامانجدارە بۆ رونکردنەوەی کاریگەری و لێکەوتەی تەنگژە ئابووریەکان لەسەر بڕیاری گەنجان بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری، هەروەها هەوڵێکە بۆ ئاشنابون بە کاریگەری و رەنگدانەوەی لەسەر ئەو بڕیارە. لەژێر رۆشنایی پرسیاری سەرەکی توێژینەوە: (ئایا هۆشیاری سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری لای گەنجان لەچ ئاستێکدایە و کاریگەری لێکەوتەی تەنگژە ئابوریەکان چییە لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری و بەردەوامی پرۆسەکە؟)

### 1.2 گرنگی توێژینەوە:

**گرنگی تیۆری:** ئاشنابونە بە پرۆسەی هاوسەرگیری و تایبەتمەندی و خەسڵەت و ئەرک و مافەکانی، هەروەها ئاشنابونە بە چەمکی تەنگژەی ئابوری و لێکەوتەکانی وەک (هەژاری، بێکاری و هەڵئاوسان)

### 1.3 گرنگی پراکتیکی:

1. گرنگە بۆ گەنجان سەبارەت بە گرنگی پرۆسەی هاوسەرگیری .

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٢ کانوونی یەکەم ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٣ کانوونی دووەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: rebaz.mahmood@soran.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ أحمد علی حمە ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp350-359

2. گرنگە بۆ كۆمەڵگە بۆ زانینی كاریگەری بێكاری لەسەر بڕیاری هاوسەرگیری .
3. گرنگە بۆ ئەو ڕێكخراو دامازراوانەی گرنگی بە گەنجان و ڕێكخستنی باری خێزانی دەدەن.

**1. 4 ئامانجی توێژینەوە:**

1. پێوانەكردنی پاڵنەر (خواست) ی هاوسەرگیری لای گەنجان
2. پێوانەكردنی ئاستەنگەكانی (هەژاری و بێكارو هەڵئاوسان ) لەسەر ئەنجامدانی هاوسەرگیری.
3. زانینی جیاوازی ڕای گەنجان سەبارەت بە پاڵنەرەكانی هاوسەرگیری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.
4. زانینی جیاوازە لە ڕای گەنجان سەبارەت بە ئاستەنگەكانی (هەژاری و بێكاری و هەڵئاوسان ) بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.
5. زانینی پەیوەندی نێوان خواستی هاوسەرگیری لای گەنجان و ئاستەنگەكانی (هەژاری و بێكارو هەڵئاوسان ) لەسەر ئەنجامدانی هاوسەرگیری.

**1. 5 سنوری توێژینەوە:**

سنوری مرۆیی: پێكدێت لە سەرجەم گەنجان لە شاری سلێمانی.
سنوری جوگرافی: پێكدیت لەبەشی ڕۆژئاوای شاری سلێمانی.
سنوری كاتی: 2023/4/4 – 2023/6/26

**1. 6 پێناسەی چەمكەكان:**

**هاوسەرگیری:** (الحسن، 1999) پرۆسەی هاوسەرگیری پەیوەندی نێوان دوو كەسی جیاوازە (نێر و مێ)، كۆمەڵگە ڕەوایی پێدەدا، بەرگری لە بوون و مانەوەی دەكات. ڕەنگە بەردەوام بێ بۆ ماوەیەكی درێژ خایەن، لەو ماوەیەدا دوو هاوسەرەكە پێداویستیە سێكسی و كۆمەڵایەتیەكانیان پڕ دەكەنەوە. هەر لەو ماوەیەدا منداڵ دروست دەكەن و لەڕوی كۆمەڵایەتی، ئاكاری و ئاینییەوە پەروەردەیان دەكەن. بەو جۆرە پەروەردەیەی، كۆمەڵگە گرنگی پێدەدا و دانی پێدا دەنێت.(الحسن، 1999، ص 28)

(B.leed, 2002) هاوسەرگیری: دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، ئاڵۆزیەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی سیستمی وێناكردن و ڕەگەزەكانی هاوسەرگیری. لێرەوە خاڵە بەهێز و لاوازەكان، لە بونیادی پرۆسەكەدا دەردەكەوێت. بەڵام بۆردیۆ، وەک وێنەیەكی بچوككراوەی ئەو كۆمەڵگەیەی دەبینێ كە پرۆسەكەی تێدا ئەنجام دراوە. ئەو پێی وایە، بونیادێكی كۆمەڵایەتی بنەڕەتییە، لە پرۆسەیەكی بەرهەمی كۆمەڵایەتیەوە دروست دەبێت و دووبارە بەرهەمدێتەوە، سیستمی كۆمەڵایەتی سیمای سەقامگیری و بەردەوامی پێ دەبەخشێت. ( B.leed,2002: 232)

(Bourdien, 2000) هاوسەرگیری: ڕێتێكی تایبەتی پەیوەندی پەسەندە لە كۆمەڵگەدا، بەپێی پێوانە و ڕێسای تایبەت ئەنجام دەدرێت. ڕەنگە لەژێر كاریگەری بارودۆخێكی تایبەتدا كۆتایی پێ بێت، كە لایەنە بەشدارەكانی پرۆسەكە دیاری دەكەن. چونكە پەیوەندیەكە تەنیا لەنێوان دوو هاوسەردا نییە، بەڵكو پەیوەندیەكە دووخانەوادە بەیەكەوە دەبەستێتەوە. تێیدا ئەو دوو كەسەی هاوسەرگیریان كردوە، وەک خانەیەكی بنەڕەتی ئەو ڕێتمە نوێیە و خێزانێكی نوێ و هاوچەرخ دەردەكەون. (Bourdien, 2000: 49)

پێناسەی توێژەر: هاوسەرگیری: پەیوەندی نیوان دوو ڕەگەزی جیاوازە، لەڕوی یاسایی و شەرعیەوە پەسەندكراوەو تەنیا ڕێگەی بە یاساییكردنی سێكس و وەچەخستنەوەی پەسەندە لەلایەن كۆمەڵگەوە.

**تەنگژەی ئابوری:** (منذر، 1995): كێشەی ئابووری: بێتوانایی سەرچاوە ئابووریە سنووردارەكانە، یان دەگمەنەكانە، لە پڕكردنەوەی پێداویستیە زۆرەكاندا، بەشێوەیەكی جێگیر. (منذر، 1995 : 38)

(القرشي، 2007): تەنگژەی ئابوری لەسەر ئاستی كۆمەڵگە، بەمانای كەمی و سنورداری سەرچاوەكان، زیادبونی پێداویستیەكان دێت، لەسەر ئاستی كۆمەڵگە. (القرشي، 2007 : 183):

پێناسەی تیۆری: تەنگژەی ئابوری بەهۆی كەمی سەرچاوە سروشتیەكان و زۆری خواست و پێداویستیەكانەوە سەرهەڵدەدات، ئاستی توندیەكەی پەیوەیستە بەچۆنێتی بەڕێوەبردنی سیستمی سیاسی و دابەشكردنی لەنێو كۆمەڵگەدا.

**هەژاری:** (Todar, 1994): هەژاریی، ئاماژەیە بۆ بێبەشبوونی ماددی، كە خۆی دەنوێنێ لە دابەزینی ئاستی بەكاربردنی خۆراک، لەڕوی برو و جۆرەوە. هەروەها ئاماژەیە بۆ دابەزینی ئاستی تەندروستی و زانستی و بارودۆخی نیشتەجێبونی كەسی هەژار ( Todar,1994 : 85).

(بن ناصر، 2003) هەژاری: گوزارشتە لەهەستی تاكەكان بە دابەزینی ئاستی گوزەرانیان، كە بە كەمتری دەبینن بەراورد بە ئاستی گوزەرانی تاكەكانی تری نێو كۆمەڵگە، لەهەمان وڵاتدا. یان لە وڵاتێكی تردا. (بن ناصر، 2003: 79)

(باقر، 1996) بارودۆخێكە لە زیانی ماددی، یان كۆمەڵایەتی، دوچاری تاک، یان خێزان، یان كۆمەڵگە دەبێتەوە. دەتوانین ببینین، یان هەستی پێ بكەین و تێبینی بكەین. (باقر، 1996: 41)

پێناسەی توێژەر : ئاماژەیە بۆ بێبەشبوونی تاک لە پێداویستیە بنەڕەتیەكانی ژیان و بەردەوام بوون. سەرباری بێبەش بوون لە توانای بڕیاردان و هەڵبژاردن و ئازادی ڕادەربڕین، كە تاک بێزار دەكات لەو ناوچەیەی تێیدا دەژی و ناچار بە كۆچ، یان ژیانێكی نەشیاو دەكات.

**بێكاری:** (Imad, 2008): بێكاری: بریتیە لە (وەستان)ی ناچاری یان (اختیاری) بەشێک لە هێزی كارە، هەرچەندە ئەو بەشەی هێزی كار توانا و ئارەزوی كاركردن و بەرهەمهێنانیان هەیە. لە پێناسەیەكی تردا، بێكاری: بەگەڕ نەخستنی هێزی كارە لەكۆمەڵگەیەكدا، یان بەكارنەهێنانێتی بەشێوەیەكی تەواو و نمونەیی، هەرچەندە ئەو كۆمەڵەی بەگەڕ ناخرێن توانا و ئارەزوی كاركردنیان هەیە. (Imad, 2008: 15)

(ب. بريئية، 1989) لە فەرهەنگی ئابوری فەڕەنسیدا، بێكاری:: لەچالاكی كەوتنی نائیرادی ئابوریە، فەرهەنگی ئابوری فەڕەنسی، جیاكاری دەكات لەنێوان ناچالاكی ئابوری خۆویستانە و لەچالاكی كەوتنی ئابوری خۆنەویستانە(ناچاری)، یەكەمیان گوزارشتە لە بارودۆخی كەسێک لەتوانایاندایە كار بكات، بەڵام حەزی بەكاركردن نییە، لەبەر هۆكارگەلێكی وەک: پێویستی بە كار نییە، تەمبەڵی، خۆتەرخانكردن بۆ چالاكی نائابوری و... هتد. بەڵام دووەمیان گوزارشت لەو كەسانە دەكات كە چالاكن، دەگەڕێن بەشوێن كاردا و دەرفەتی كار بەدەست ناهێنن. (ب. بريئية، 1989: 311)

(الأشقر، 2002) بێكاری: جیاوازییە لەنێوان قەبارەی خستنەڕووی كار لەئاستێكی كرێ (حەقدەست)ێكی باودا، بەراورد بە قەباری كاری بەكارهاتوو لەو ئاستەدا، لەماوەیەكی كاتی دیاریكراودا، واتە قەبارەی كار ڕەنگدانەوەی قەبارەی ئەو كەلێنەیە لەنێوان خستنەڕووی كار و خواست لەسەر كاركردن لە بازاڕی كاردا دەردەكەوێت. (الأشقر، 2002: 103)

پێناسەی توێژەر: وەستان و بەگەڕنەخستنی بەشێكی هێزی كارە، كە تێیدا تاكەكان حەزیان بە ئیشكردن هەیەو بەدویدا دەگەڕێن و بەدەستی ناهێنن.

**هەڵئاوسان:** (John, 2005): لە سادەترین پێناسەدا، هەڵئاوسان بریتییە لە: بەرزبونەوەی بەردەوامی ئاستی گشتی نرخەكان.

(عوض، 2008) هەڵئاوسان: زیادبونی بەردەوامی نرخەکانە، دەرئەنجامی زیادبونی بڕی کاشەوە.(John, 2005 : 417)

(الرويي، 1985) هەڵئاوسان: بریتیە لە بەرزبونەوەی بەردەم و هەستپێکراو، لە ئاستی گشتی نرخەکان، یان تێکڕای نرخەکاندا. (الرويي، 1985: 48)

پێناسەی تیۆری: بەرزبونەوەی بەردەوامی نرخەکان، بەهۆکاری زیادبونی داهاتی نەتەوەیی و زیادبونی کاش لەنێو کۆمەڵگەدا، دەرئەنجامی خراپی دابەشکردنی داهات، یان بەرزی ئاستی بەرهەمهێنان، یان بەهۆی بونی کێشە لە ئابوری وڵاتێکی هاوسێ و کاریگەر، یان بەهۆی گەمارۆی ئابوری، یان تەنگژەی سیاسیەوە.

## 2 چوارچێوەی تیۆری

### 2. 1 چەمکی هاوسەرگیری:

پرۆسەی هاوسەرگیری پەیوەندی نێوان دوو نێر و مێیە، کۆمەڵگە ڕەوایی پێدەدا، بەرگری لە بوون و مانەوەی دەکات. ڕەنگە بەردەوام بێ بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن، لەو ماوەیەدا دوو هاوسەرەکە پێداویستیە سێکسی و کۆمەڵایەتیەکانیان پڕ دەکەنەوە. منداڵ دروست دەکەن و لەڕوی کۆمەڵایەتی، ئاکاری و ئاینیەوە پەروەردەیان دەکەن. (الحسن، 1999 :28)

لەڕوانگەی زانستە مرۆییەکانەوە، پرۆسەی هاوسەرگیری گرێبەستێکە بۆ دروستکردنی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی. یاسا و ڕێسا و بەهای تایبەت بەخۆی هەیە. لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت. مارگرێت هیویت، ئاماژە بەچەند جۆرێکی هاوسەرگیری دەدات، بەبۆچونی ئەو جیاوازیەکە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و ڕێتمی مرۆیی باڵادەست لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا. لەو ڕوانگەیەوە هیویت دەڵێ: هاوسەرگیری: پەیوەندیەکی سێکسیە لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە دانپێدانراوە. لەنێوان دوو کەسی ڕەگەز جیاوازدا ئەنجامدەدرێت، ڕەنگە زیاتر بەردەوام بێت، لەو کاتەی بۆی پێشبینی دەکرێت، لەپێناو دوگیانی و خستنەوەی وەچەدا.(G.pun, 1986: p113)

هاوسەرگیری پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەپێی داب و نەریت و بەها باوەکانی نێو کۆمەڵگە ڕێکدەخرێت، ڕەوایەتی پێدەدرێت و پیرۆز دەکرێت، ئاینی باو و باڵادەستی نێو کۆمەڵگە، تەدارەکەکانی ڕێک دەخات و پیرۆزی دەکات. بەڵام هاوسەرگیری وەک ئەرک، بە ئامرازێکی ڕۆشنبیری شارستانی بنەڕەتی دادەنرێت، بۆ گەرەنتیکردنی بەردەوامی و درێژەدان بە بوونی مرۆڤ، لەسەر هەسارەی زەوی. بەشێوەیەک سەقامیگریی دەرونی، کۆمەڵایەتیی و ئابوری بۆ بێنێتە دی. بە پێداویستیەکی بنەڕەتی دادەنرێت، بۆ گەشەسەندنی کەسایەتی هەردوو ڕەگەز، بەشێوەیەکی هاوتا. هاوسەرگیری، ڕەگەزێکی گرنگە بۆ لەخۆگرتن و کەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزی سێکسی و دەرونی و کۆمەڵایەتی. زامنکەری پارێزراوی و هێمنی ئاکاریی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانە. هەمیشە کار لەسەر پاراستنی تاکەکان دەکات، لە لادان و ڕێگە لە توانەوەو لەنێوچونی توێژە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێت. کاردەکات لەسەر دروستکردنی رایەڵەیەکی پەیوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی، لەنێو کەسە نزیکەکان و پەیوەندیە مرۆیەکان لە باشترین و بەرزترین شێوەدا دەردەخات.

**پێوەرەکانی لێکدانەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری**

بەگوێرەی لێکدانەوە کۆن و هاوچەرخەکان سەبارەت بە پێوانەی هاوسەرگیری، دوو پێوەر بۆ ڕێژەی هاوسەرگیری دەخەینەڕوو. یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە بە ڕێژەی هاوسەرگیری خام ناوی دەبەین کە هاوسەرگیری دابەشی کۆی ژمارەی دانیشتووان یان هاوسەرگیری دابەشی کچانی تەمەن ١٥ ساڵ و سەرووتر دەکات بەمەش پێوانەی ڕێژەی هەوسەرگیری دەکەین (Westrick,2022: 8)، بەڵام سێ پێوەری سەرەکی هەیە بۆ لێکدانەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری، هەر سێ پێوەرەکە جەخت دەکەنەوە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستن لە هەمان کاتدا، پێوەرەکانیش بریتین لە:

1- پێوەری کۆمەڵایەتی کلاسیکی: بەپێی ئەم پێوەرە، پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی پیرۆزە، یان سیستمێکە خوداوەند دروستیکردووە، کتێبە ئاسمانیەکان، وەک بنەمایەک بۆ ژیانی مرۆڤ پێداگری لەسەر دەکەن.

2- پێوەری دەسەڵات: ئەم پێوەرە، لەڕوانگەی پیاو سالاریەوە، سەیری پرۆسەکە دەکات. بەپێی ئەم پێوەرە پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ پارێزگاریکردنە لەڕێز و گونجاندنی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ خواستی کەسە نزیکەکان و کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا، هەروەها پارێزگاریکردنە لە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی شایستەو گونجاو.

3- پێوەری تاکەکەسی: بەپێی ئەم پێوەرە لەبنەڕەتدا پەیوەندی هاوسەرگیری لەپێناو تاکدا دروست بووە، پەیوەندی بە خوداوەند و کۆمەڵگەوە نییە. بەڵکو تەنیا پەیوەندی بە(من)ەوە هەیە. واتە تەنیا پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە. ئەگەر مرۆڤ ویستی لە دەرەوەی بیروباوەڕی ئاینی، چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکەی، ئاستی خوێندن و زانستی خۆی، هاوسەرگیری ئەنجام بدات، ئەوا خێزان، یان کۆمەڵگە و ژینگەی دەوروبەر، هیچ دەسەڵاتێکیان نابێ لەو بڕیارەدا، ئەو بڕیارە تەنیا پەیوەندی بە خودی تاک و خواست و حەز و ئارەزووەکانیەوە هەیە. (العمر، 2000 :59)

### 2. 2 پاڵنەرەکانی هاوسەرگیری:

**1- پاڵنەرە خودیەکان:**

پاڵنەری کۆمەڵایەتی بۆ پێکهێنانی خێزانی نوێ و دامەزراندنی ت{ری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوبەشی و خزمایەتی (Voitovych,2022: 42).

پاڵنەری ئاینی: بەپێی ئاین، ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، تەواوکردنی بیروباوەڕی تاکە، بۆیە هەمیشە تاکی ئیماندار هەوڵی تەواوکردنی بیروباوەڕەکەی دەدات.

پاڵنەری سێکسی: زۆرجار حەزی سێکسی پاڵنەرێکی بنەڕەتییە، بۆ چونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە. لەزۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا، تەنیا لەڕێی هاوسەرگیرییەوە نەبێ، تاک ناتوانێت غەریزەکانی تێر بکات.

پاڵنەری وەچە خستنەوەو بونە باوان: هەندێجار پەڵنەری هاوسەرگیری خستنەوەی وەچەیە، لەڕێی خستنەوەی وەچەوە، دایباب هەست بە پێکهێنانی خێزان دەکەن و چێژ لەو هەستە دەبینن.

پاڵنەری سۆزداری: لە پاڵنەرە سەرەکی و گرنگەکانی پرۆسەی هاوسەرگیرییە، هەستی سۆزداری لای هەردوو ڕەگەز، کە لە خۆشەویستیدا خۆی دەبینێتەوە، پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری. : (العزيي، 1995 :17).

**2- پاڵنەرە دەرەکییەکان:**

1- پاڵنەری لێهاتووی و سودوەرگرتن لە ئەزموون و کاری یەکتر، کە دەشێت یەکێك بێت لە بنەما سەرەکیەکانی هاوسەرگیری لە سەردەمی نوێ دا 15 : Lee,2020)).

2- پاڵنەری کلاسیکی: زۆرجار پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافییە، ملکەچی چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترە، وەک داب و نەریت.

3- پاڵنەری کۆمەڵایەتی: کۆمەڵێک فشارە لەلایەن خێزانەوە بۆسەر تاکەکان، لەپێناو ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، کە لە ئەنجامی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دێتە ئاراوە. وەک کێشەی خێزانی.

4- پاڵنەری ئابوری: فشاری ئابوری بە هۆکارێکی سەرەکی هاوسەرگیری دادەنرێت، ئەم پاڵنەرە پێویستی تاکێکی کۆمەڵگەیە بە داهاتی ماددی، ئەوەش پاڵنەری سەرەکی پشت گەڕانیان دەبێت بەدوای چارەسەرێکی دیاریکراودا.

لە پاڵنەرە دیارەکانی تری پرۆسەی هاوسەرگیری، خواست و حەزی تاک بۆ ژیان، ئاسایشی سۆزداری و ڕاکردن لە تەنیایی، ڕاکردن لە بارودۆخی ناپەسەند، کێشمەکێش و ململانێی خێزانی، ناجۆری لەنێو ماڵ و خانەوادەدا، هێنانەدی پێگەی کۆمەڵایەتی، یان سەرکێشیە. (الساعاتي، 2007، ص215)

## 3.2 پەیوەندی نێوان هاوسەرگیری و هەژاری و بێکاری و هەڵئاوسان:

مێژووی خێزانی هاوچەرخ، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆڵە بنەڕەتییەیە، کە هاوسەرگیری دەیبینی لە وێناکردنی پایە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگە و دیاریکردنی سروشت و پەیکەر و چوارچێوەکەی. هاوسەرگیری گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتیە، کە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی لێپێکدێت. ئەو بونیادەی کارلێک دەکات لەگەڵ تەواوی دامەزراوە بنەڕەتییەکانی تر کاری تێدەکەن و کاریان تێدەکات. هاوسەرگیری بەردی بناغەی دروستکردنی خێزانە، خێزانیش بنەمای پێگەیاندنی تاک و سەرچاوەی ڕەوشت و پێوانەی پێگەیشتنێتی. کەواتە خێزان بڕیار لە تایبەتمەندیە چۆنایەتیەکانی دانیشتوان دەدات، ئەو تایبەتمەندیانەی پشتی پێدەبەسترێت لە دیاریکردنی پێوانەی پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاکاری کۆمەڵگەدا.

هاوسەرگیری تاکە دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە، کە ڕەوایەتی سێکسکردن و منداڵ خستنەوەی هەیە. قەبارەو جۆر و چۆنایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات. هەرچەندە کۆمەڵگە بەهاو ئاکار و پێوانەکان بەسەر خێزاندا دەسەپێنێت، بەڵام خێزان ڕۆڵی سەرکردایەتی دەگێڕێت لە دیاریکردنی ناوبانگی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی و کارلێکی لەگەڵ دەکات. بۆیە هەر گۆڕانکاریەک لە بنەما و بەهاکانی خێزاندا رووبدا، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر سیستم و بیروباوەڕ و بەهاکانی کۆمەڵگە (المالك و نوفل، 2006: 38) .

لێرەدا هەوڵدەدین پەیوەندی نێوان هەژاری و بێکاری و هەڵاوسان بە هاوسەرگیری ڕوونبکینەوە:

**کاریگەری هەژاری لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری:** دیاردەی هەژاری، بە دیاردەیەکی فرە ڕەهەند ئەژمار دەکرێت. لەلای زانا کۆمەڵناس، ئابوریناس و بڕیاردەر لە سیاسەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دانیشتوانەوە، گرنگی زۆری پێدراوە. بەهەمان شێوە، دام و دەزگا و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و ڕێکخراوەکانی (NGO) ش گرنگی پێدەدەن. ئەم دیاردەیە ئەنجامی نەرێنی لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە هەیە. کاریگەریەک کە ئاڕاستەی کۆمەڵگە دەگۆڕێت، ئاسایش و ژیانیان روبەڕوی مەترسی دەکاتەوە.

ئاستی بڵاوبونەوەی هەژاری، توندی دیاردەکە و ئاستی مەترسیداریی، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی و لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت. مەترسی ئەم دیاردەیە، پەیوەستە بەپەیوەندی دیاردەکە بەکێشە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانەوە، وەک کێشەی خوێندن و فێرکردن، کێشەی نێو خێزان، کێشەی تەندروستی و دابەزینی ئاستی گوزەرانی تاک. بۆیە گرنگیدان بە دیاردەی هەژاری و هۆکار و جۆر و کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی، هەروەها کاریگەری ئەم دیاردەیە لەسەر بڕیاری هاوسەرگیری و پرۆسەی هاوسەرگیری زۆر گرنگە. (صخري، 2000: 275)

بێگومان هەموو تەنگژەیەکی ئابووری کاردانەوەو لێکەوتەی لەسەر تاک و کۆمەڵگە دەبێت، لە دیارترین لێکەوتەکانی هەژاری و بێکاری و گرانییە، هەموو یەکێ لەو لێکەوتانەش کاریگەری دەبێت لەسەر بڕیاری تاک، واتە بڕیار لەشێوازی ژیان، پێکهێنانی خێزان و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون. لەنێو لێکەوتەکاندا هەژاری بە کوشندەترین لێکەوتە و دەردی کۆمەڵایەتیی دادەنرێت، جا هۆکاری ئەو هەژارییە، خۆڕسک بێت، واتە بەهۆی روداوە سروشتیەکانەوە، یان دەستکردبێت، واتە کاری سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی باڵادەست بێت، هەمان ئەنجام دەدات بەدەستەوە. ئەنجامەکەش بێبەشبوونی تاکە لە بەشێکی زۆر لە ئامرازەکانی ژیانێکی شکۆمەندانە. یان دابەزینی داهاتی تاکە بەشێوەیەکی بەرچاو، کە ئەویش بەهەمان شێوە بێبەشی دەکات لە ئامرازەکانی ژیان.(الدعمي، 2004: 38)

هەژاری ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە بڕیاری هاوسەرگیریدا، چونکە هەژاری ئەگەر لە ئەنجامی تەنگژەی ئابوریش نەبێت، یان کاری سیستمێکی سیاسی باڵادەست نەبیت، واتە ئەگەر هەژاری بەو شێوەیەش بێت کە لە تیۆرەی کلتوری هەژاریدا باس کراوە، هەر بەمانای دابەزینی داهاتی تاکە، کە ڕەنگە بەشی بەڕێوەبردنی ژیانی تاک خۆی نەکات، بۆیە بە دڵنیایی بەشی خەرجی خێزان ناکات، مەبەستمان لە خەرجیەکانی وەک (کرێی خانو، خۆراک، جلوبەرگ و ... هتد)، یان بەشی ئەوە ناکات ژیان و خوێندنێکی شایستە بۆ منداڵ و خێزان دابین بکات، کە دەرئەنجام لێکترازانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە لەنێو دامەزراوەی خێزاندا، لەو کاتەدا بەخێوکەری خێزان ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێ. ڕەنگە تاکەکانی نێو خێزان توشی لادان بن، دەرئەنجامی ئەو لادانەش توندوتیژی خێزانی بەرجەستە دەکات، کە زۆرجار کۆتاییهێنان بە ژیانی تاکەکان دێنێتە ئارا، وەک لەزۆر روداوی دڵتەزێندا بەرچاومان دەکەوێت. (عبود، 2009: 14)

بەهەمان شێوە هەژاری کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاری تاک و خێزان، زۆرجار تاک (نێر یان مێ) بڕیار لەبەجێهێشتنی زێدی لەدایکبونیان دەدەن و رودەکەنە وڵاتی دووەم و سێیەم، تا لەدەست دەردی هەژاری رزگاریان بێت. ئەوەش کاردانەوەی لەسەر دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و وابەستەبون بەخاک و نیشتمانەوە دەبێت. کە دەرئەنجام کۆمەڵگەیەکی بێ بەرهەم و بەرخۆر دێنێتە ئارا. بۆیە تاک لەئەنجامی هەژاری و کەمی داهاتدا هەمیشە هەوڵدەدات سەڵت بێت، نەک خێزاندار، چونکە سەڵتەکان ئاسانتر و بە تێچوویەکی کەمتر دەتوانن خۆیان لە دەردی هەژاری رزگار بکەن، یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هەڵبێن و کۆچ بکەن، یان بەهەر شێوەیەک بێت خۆیان لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەختەدا بگونجێنن. بێگومان بڕیاردان لە سەڵت بوون، یان پێکنەهێنانی خێزان، ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگە دەبێ، سەرەتا هێزی کار لە کۆمەڵگەدا کەم دەکات، پاشان کۆمەڵگە بەرەو کاملبوون و پوکانەوە دەچێت. (الامم المتحدة، 2003: 206).

### کاریگەری بێکاری لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری:

بێکاری یەکێکە لە لێکەوتە مەترسیدارەکانی تەنگژەی ئابوریی، زۆربەی سیستمە ئابوریەکان لە جیهاندا بەدەستیەوە دەناڵێنن. دەرئەنجامی نەرێنی لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتیدا لێدەکەوێتەوە. بۆیە بەردەوام دەسەڵاتی سیاسی، کاردەکات لەسەر کەمکردنەوەی تێکڕای بێکاری و کاریگەریەکانی لەسەر کۆمەڵگە. بێکاری لە سادەترین پێناسەیدا (وەستان)ی ناچاری یان (اختیاری) بەشێک لە هێزی کارە، هەرچەندە ئەو

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp350-359

بەشەی هێزی کار توانا و ئارەزوی کارکردن و بەرهەمهێنانیان هەیە. لە پێناسەیەکی تردا، بێکاری: بەگەڕ نەخستنی هێزی کارە لەکۆمەڵگەیەکدا، یان بەکارنەهێنانێتی بەشێوەیەکی تەواو و نمونەیی، هەرچەندە ئەو کۆمەڵەی بەگەڕ ناخرێن توانا و ئارەزوی کارکردنیان هەیە. (Imad, 2008: 15)

لە فەرهەنگی ئابوری فەرەنسیدا، بێکاری بەوە پێناسە دەکرێت، کە: لەچالاکی کەوتنی نائیرادی ئابوریە، فەرهەنگی ئابوری فەرەنسی، جیاکاری دەکات لەنێوان ناچالاکی ئابوری خۆویستانە و لەچالاکی کەوتنی ئابوری خۆنەویستانە(ناچاری)، یەکەمیان گوزارشتە لە بارودۆخی کەسێک لەتوانایاندایە کار بکات، بەڵام حەزی بەکارکردن نییە، لەبەر هۆکارگەلێکی وەک: پێویستی بە کار نییە، تەمبەڵی، خۆتەرخانکردن بۆ چالاکی نائابوری و... هتد. بەڵام دووەمیان گوزارشت لەو کەسانە دەکات کە چالاکن، دەگەڕێن بەشوێن کاردا و دەرفەتی کار بەدەست ناهێنن. (ب. بريية، 1989: 311) بێکاری وەک لێکەوتەیەکی مەترسیداری تەنگژە ئابوریەکان، کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر بێبەشکردنی بەشێکی زۆری گەنجان لە دەرفەتی کاری شایستە و کرێی شایستە، ئەوەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی خۆشگوزەرانی، ترس لای گەنجان دروست دەکات، بەهۆی زیادبونی دەرچوانەوە، دەرفەتی کارکردن لە دەست بدەن، واتە لە بارودۆخێکی دەرونی ناسەقامگیردان. ئەو ناسەقامگیریەش کاردانەوەی دەبێت لەسەر بڕیاری هاوسەرگیری لای گەنجان. چونکە ئەوان پێیان وایە، درەنگ بێت، یان زوو دەرفەتی کار لەدەست دەدەن و داهاتیان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمدەکات، کە بەشی بەڕێوەبردنی خێزان و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانێکی شایستەو شیاو ناکات (جميل واخرون، 2013: 89).

## کاریگەری هەڵئاوسان لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری:

هەڵئاوسان دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە، ئاڵۆزیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی، کە سیمای ئەم سەردەمەی ئێستامانە. هەڵئاوسان بریتییە لە: بەرزبونەوەی بەردەوامی ئاستی گشتی نرخەکانە. لەکاتێکدا لە ڕوانگەی ئەوانەی گرنگی بە کاش دەدەن، بریتیە لە: دابەزینی بەردەوامی بەهای راستەقینەی یەکەیەکی کاش، ئەو بەهایەش بە تێکڕای گشتی کاڵا و خزمەتگوزاریە جیاوازەکان دەپێورێت، کە دەتوانین بەو یەکەی کاشە بیانکڕین. هەمیشە بڕی کاڵا و خزمەتگوزاری کەم دەکات بە بەرزبونەوەی نرخەکانیان، بەپێچەوانەوە بڕەکەیان زیاد دەکات بە بە دابەزینی نرخەکانیان. کەواتە پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان توانای کڕینی یەکەیەکی کاش و ئاستی گشتی نرخەکاندا.( John, 2005: 417)

دابەزینی لەناکاوی خستنەڕووی گشتی بەرهەم، هۆکاری راستەوخۆی بەرزبونەوەی نرخەکانە بە بەردەوامی، کە دەرئەنجام دەبێتە هۆی هەڵئاوسان. زۆربەی ئەو پێناسانەی پاش جەنگی یەکەمی جیهان، بۆ دیاردەی هەڵئاوسان کراوە، کاریگەرن بە تیۆرەی کلاسیکی بۆ بڕی کاش، کە بە لێکدانەوەی سادەو ساکار باسیان لە هەڵئاوسان کردوە، لە دیارترین ئەو پێناسانەدا هاتوە: هەڵئاوسان زیادبونی بەردەوامی نرخەکانە، دەرئەنجامی زیادبونی بڕی کاشەوە. ئەوەی تێبینی دەکەین لەم پێناسەیەدا ئەوەیە کە زیادبونی خستنەڕوی کاش، دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی نرخەکان. لە پێناسەیەکی تردا هاتوە: هەڵئاوسان زیادبونی کاشی بەردەستە، بێ ئەوەی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان زیاد بکات. بەڵام کۆرتێر پێیوایە، هەڵئاوسان بریتیە لە بارودۆخێک کە بەهای راستەقینەی یەکەیەکی کاش دەست بە دابەزین دەکات، کاتێک نرخەکان دەست بە بەرزبونەوە دەکەن. (عوض، 2008: 152)

لەکۆی ئەو لەسەرەوەدا باسکرا هەندێکیان گرنگیان داوە بە کاش و ڕۆڵی لە هەڵئاوساندا دەدەن، هەندێکی تر بە بەرزبونەوەی نرخەکان، هەندێکی تریش بە بڕی بەرهەم و رەگەزی بەکارهاتوو و زیادبونی داهاتی نەتەوەیی، بەڵام ئەوەی توێژەر تێبینی کردوە، هەڵئاوسان دیاردەیەکی ئابوری کۆمەڵایەتی ئاوێتەیە، هۆکاری زۆرە و کاریگەری زۆری هەیە، پەیوەندی و کاریگەری لەسەر تێکڕای کەرتە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان دەبێت. بە بۆچونی توێژەر کە دەیەوێت پێناسەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو دیاردەیە بکات، هەڵئاوسان: کێشەو کەموکوڕیە لەسەرجەم سێکتەرەکاندا، دەرئەنجامی نەبونی هاوئاهەنگی و تەواوکاری دێت لەنێوان (خواستی گشتی، خستنەڕوی گشتی، کرێ و بەرهەمدا) ئەو کەموکوڕیە فاکتەری بنەڕەتیە لە بەرزبونەوەی ئاستی گشتی نرخەکان و دابەزینی توانای کڕینی یەکەی کاش، کە دەرئەنجام نابوتبونی توێژێک و لەدەستدانی توانای کڕین لای توێژێکی تر دروست دەکات.

هەڵئاوسان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر باری کۆمەڵایەتی هاوسەرگیری و خێزان، لە ئێستادا دیاردەیەکی جیهانگیری مەترسیدارە، قورسی راستەقینەی لەسەر شانی حکومەتەکان دروستکردوە. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی هەڵئاوسان، نادادپەروەری دابەشکردنی داهاتە، کە دەبێتە هۆی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، بۆشای گەورە لەنێوان تاکەکاندا دروست دەکات، دەوڵەمەند و خاوەن داهاتە زۆرەکان دەوڵەمەندتر دەبن و هەژارەکانیش هەژارتر. بڵاو بونەوەی دیاردەی بۆشای گەورە لەنێوان خاوەن داهاتە زۆرەکان و خاوەن داهاتە کەمەکاندا جیاوازی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی کۆمەڵایەتی مەترسیدار.

## 4-2 ئەو تیۆرانەی ڕاڤەی هاوسەرگیری دەکەن:

### أ- تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان:

- **تیۆرەی هارمۆنی (چون یەکبون):** ئەم تیۆرەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی، ئەو کەسەی هاوسەرگیری دەکات، بۆ کەسێکی وەک خۆی دەگەڕێت، یان کەسێک دێنێت، لە روی سروشت، دەرون و تەمەن و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئاینەوە وەک خۆی بێت. بەپێی ئەم تیۆرەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەردا، تاکەکان نیگا دەخەنە سەر ئەو کەسانەی لەخۆیان دەچێت، لەڕوی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، یان خەسڵەتە جەستەییەکانەوە، تێبینی ئەوە کراوە، بەپێی ئەم تیۆرەیە ئەگەر جیاوازی تەمەن لەنێوان دوو هاوسەردا زۆر بێت، ئەوا گریمانەی کێشەی خێزانیەکان زیاد دەکات. (رشوان، 2003، ص34)

- **تیۆرەی هاوسێیەتی، (نزیکی شوێن):** بەپێی ئەم تیۆرەیە، پرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەر، لە بوارێکی جوگرافی دیاریکراودایە، کە نزیکە لە تاکەوە، یان تاک تێیدا دەژی، لەو بوارەدا تاک هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی ئەو هاوسەرەی کە دەتوانێت، پەیوەندی هەبێ لەگەڵیدا و لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە تێکەڵ بن. واتە ئەوانەی لەگەڵیدا دەخوێنن، یان کاردەکەن، یان هاوسێیانە. لەم بارودۆخەدا تاک دەرفەتی ئەوەی هەیە، چاوی بەو کەسە بکەوێت کە دەیەوێ هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، ئەم جۆرە هاوسەرگیریە، بەزۆری لە کۆمەڵگە لۆکاڵیەکاندا، یان لە کۆمەڵگە سادەو ساکارەکاندا ئەنجام دەدرێت، بۆ نمونە پیاوێکی گوند نشین، هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی گوندەکەی خۆیدا دەکات. بەڵام لە کۆمەڵگە فراوان و گەورەکاندا، کە ئامرازەکانی پەیوەندی و گواستنەوە فەراهەمەو خێرایە، تاک لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا گەمارۆ نادرێت، بۆیە بەردەوام کارلێک و بەریەککەوتنی لەگەڵ کۆمەڵێک کەسدایە لەدەرەوەی سنوری جوگرافی خۆی.(الأخرس، 2001 :75)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp350-359

- **تیۆرەی بەها:** بەپێی ئەم تیۆرەیە تاک، هاوبەشێکی ژیان هەڵدەبژێرێت کە بڕوای بە هەمان بەها هەبێت کە ئەو بڕوایی پێیەتی، یان لانی کەم بەها بنەڕەتییەکانیان چون یەک بێت، ئەوەش برێکی زیاتر ئاسایش و سەقامگیری سۆزداری پێ دەبەخشێت. (الأخرس، 2001 :75).

دەشێت هەریەکە لەم تیۆرانە لە گۆشە نیگایەکی تایبەتەوە لە هاوسەرگیریان ڕوانیبێت، بەڵام بە پێودانگی ئێستاو بەریەکەوتنیان بە جیهانگیری، فۆرم و شێوازەکانی هاوسەرگیری تەواو گۆڕاون، لەبەر ئەوە لە دوونیای هاوچەرخ دا فۆرمی نوێ لە هاوسەرگیری دەبینرێت، هەروەها سنورێکی جوگرافی نەماوە لەبەردەم تاکەکان دا تا ڕێگری بکات لە دۆزینەوەی هاوسەرێك، لە لایەکی ترەوە جیاوازیە بەهاییەکان و تەنانەت ئاینیەکانیش نەبونەتە ڕێگر لەبەردەم پلانی هاوسەرگیری تاکەکان، لەبەر ئەوە هەریەکە لەم تیۆریانە بەشێك لە حەقیقەت و تێڕوانینی واقعیان لەبەرچاوگرتووە، بەڵام ڕەنگە دەستنەدەن بۆ لێکدانەوەکانی هاوسەرگیری لە ئێستادا.

**ب- تیۆرەی دەروونیەکان :**

- تیۆرەی پێداویستیە تەواوکاریەکان. رۆبەرت ۆنش بیرمەندی ئەم تیۆرەیەیە و ماوەیەکی زۆر لە ڕیزبەندی یەکەمی ئەو تیۆرانە بو، کە بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر رەچاو کراوە، لەژێر کاریگەری گۆڕاوە کەسییەکاندا. رۆبەرت ۆنش، لیستێکی پێداویستی ئامادەکردوە، وەک بنەمایەک بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا. بەپێی ئەم تیۆرەیە گونجاندن و سازان پێویستی بە تەواوکردنی (من)ە، هەمیشە مرۆڤ بەلای یەکێکدا دەڕوات کە لەڕوی سایکۆلۆژیەوە بە تەواوکەری خۆی بزانێت. واتە لە هاوسەردا بەدوای ئەو تایبەتمەندیانەدا دەگەڕێین کە لەخۆماندا نییە.(خفاجي، 2009 :124)

- **تیۆرەی شیکاری دەروونی:** بیرمەندانی تیۆرەی شیکاری دەرونی بیروبۆچونی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر، بە بۆچوونی ئەوان مرۆڤ ناتوانێت خۆی نادیدە بگرێ لە ڕەهەندە پرکتیکیەکان لە هەڵبژاردنی هاوسەردا، ئەو ڕەهەندەش رەهەندی نەستییە (اللاشعوري) کە هەمیشە فەرامۆش دەکرێت و هیچ گرنگیەکی پێ نەدراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێ لە پرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسەردا. .(خفاجي، 2009 : 124)

- **تیۆرەی هاوسەری نمونەیی:** بەپێی ئەم تیۆرەیە زۆربەی خەڵک هەر لەسەرەتای منداڵیەوە تا دەگاتە کاتی هاوسەرگیری، بیرۆکە و وێنایەکی دیاریکراو بۆ ئەو کەسە دادەڕێژن کە دەیانەوێت لە داهاتوودا ببێتە هاوسەریان. ئەو وێنایەش سەبارەت بە تەمەنی هاوسەر، ڕیتم، یان جۆری کەسایەتیەتی. بێگومان کارتێکەرە ژینگەییەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە دروستکردن و وێناکردنی ئەو کەسایەتیەدا. (الخوري، 2009 :43).

- بەپێی تیۆرە دەروونیەکان تاکەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی و رەمەکەکانی خۆیان هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، هەروەها گرنگیان داوە بە حەز و مەیلی تاکەکان لە هەڵبژاردنی هاوسەردا، لە کاتێکدا گرنگە ئاماژە بە ڕۆڵی کۆمەڵگە و خێزان بدرێت لە هەڵبژاردن و دروستکردنی مەیلی هاوسەرگیری و ڕێخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە، کە ڕەنگە ئەمانە ڕۆڵی کاراتر ببین، بەبەراورد بەپاڵنەرە دەروونیە ناوەکیەکان.

**2-5 توێژینەوەکانی پێشوو:**

1- **توێژینەوەی (منلا: 2014) بە ناونیشانی: کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەریان لەسەر گۆڕانکاری لە تەمەنی هاوسەرگیریدا:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، دیاریکردنی تەمەنی هاوسەرگیری ئافرەتان و پیاوان لە پارێزگای لازقیە، ئاشنابون بە کێشە ئابوریەکان و کاریگەریان لەسەر تەمەنی هاوسەرگیری، ئاشنابون بە کێشە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەریان لەسەر تەمەنی هاوسەرگیری، هەروەها دانانی چارەسەر و پێشنیاری گونجاو بۆ ئەو دیاردەیە. سەرچاوەی زانیاریەکان، تۆماری دادگاری شەرعی لە ساڵی 2000-2014، میتۆدی توێژینەوە وەسفی شیکاری بووە، ئامارازی بەکارهاتوو، فۆرمی زانیارییە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، فۆرمەکە لە پێنج بەش پێکهاتووە، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری بەشێوەیی راستەوخۆ لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسیەوە لە (269) سامپڵ. لە ئەنجامدا توێژەر گەیشتوە بەم ئەنجامانە: گۆڕانکاری بونیادی لە ئەرک و شێوەی پرۆسەی هاوسەرگیریدا ڕویداوە لە پارێزگای لازقیە، ڕێژەی ئەوانەی تەمەنی هاوسەرگیریان تێپەڕاندوە زیادی کردوە، بەتایبەت لەنێو ڕەگەزی نێردا. هاوسەرگیری بەدی دەگرێت لەنێو ڕەگەزی مێدا لە تەمەنی (15-19) ساڵیدا،

2-**توێژینەوەی (جمال: 2014) بە ناونیشانی: وێناکانی گەنجانی خێزاندار پاش هاوسەرگیری.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، دیاریکردنی گۆڕاوە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوریەکان بووە، کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئاستی وێناکردنی گەنجان بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، سامپڵی توێژینەوە پێکهاتوە لە 65 کەس لە هەردوو رەگەز، ئامرازی توێژینەوە فۆرمی زانیاری بووە، لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتوە بەو ئەنجامانە: کەموکوڕی هەیە لە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و خێزانی پەیوەیست بە وێنای گەنجان بۆ ژیانی خێزانی نمونەیی. گۆڕانکاری لە بۆچونی گەنجاندا دروست دەبێت پاش پرۆسەی هاوسەرگیری بەپێی پێوەرەکانی پەیوەندی سۆزداری، سەربەخۆیی، نیشتەجێبون پاش پرۆسەی هاوسەرگیری.

3- **توێژینەوەی (الختاتە،2017) بەناونیشانی: دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری لای گەنجان لەرەگەزی نێر، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەسەر سامپڵێکی گەنجان لە شاری (حص) لە ئوردن.**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی هۆکارەکانی دواکەوتنی هاوسەرگیریە لای گەنجان و ئاراستەی گەنجانە سەبارەت بە هاوسەرگیری سامپڵی توێژینەوە پێکدێت لە (324) لاو، کە تەمەنیان لەسەرو (27) ساڵانەوەیەو هاوسەرگیریان نەکردوە، میتۆی توێژینەوە میتۆدی وەسفی شیکارییە، ئامانج لەم توێژینەوەیە بەراوردی ئاڕاستی گەنجانە سەبارەت بە هاوسەریگری لەژێر رۆشنایی گۆڕاوەکانی رەگەز و ئاین و ئاستی داهاتی ئابوری و ناوچەی نیشتەجێبون و بارودۆخی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتوە بە کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆی یەرموک و خوێندکاری کۆلێژی ئامادەکردنی مامۆستایانی باڵا لە ئەربد) لە ئەردەن، پاش کۆکردنەوەی زانیاری و لێکدانەوەیان توێژەر گەیشتوە بەم ئەنجامانە: ئاماژەی ئاماری بەدی دەکرێت لە بەرژەوەندی رەگەزی مێ بەراورد بە رەگەزی نێر. ئاماژەی ئاماری بەدی دەکرێت لە بەرژەوەندی گەنجانی کریستیان بەراورد لە گەنجانی موسڵمان. ئاماژەی ئاماری بەدی دەکرێت لە بەرژوەندی ئەوانەی داهاتیان بەرزە بەراورد بەو گەنجانەی داهاتیان مامناوەند یان نزمە.

**گفتوگۆ لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو:**

لەو سێ توێژینەوەیەی خوێندنەوەیان بۆ کراوە، بۆمان دەردەکەوێت گۆڕانکاری بەرچاو ڕویداوە لەبنەماو ئەرکەکانی هاوسەر و پرۆسەی هاوسەرگیریدا، گۆڕانکاری لە پرۆسەی هاوسەریگری و چۆنێتی هەڵبژاردنی هاوسەردا دەگۆڕێت بەپێی باری

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp350-359

کۆمەڵایەتی، ژینگەی کۆمەڵایەتی و داهات و ئاین، هەروەها دەردەکەوێت گۆڕانکاری بەرچاو روودەدات لە بۆچونی گەنجان سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری و ئەرکەکانی، پاش چونە نێو پرۆسەی هاوسەریگریەوە، هەرسێ توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە فاکتەرە ئابوریەکان و تەنگژە ئابوریەکان کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر بڕیاردان لە پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەوەش بۆتە هۆی بەرزبونەوەی تەمەنی هاوسەرگیری، لە هەندێ شوێن بۆتە هۆی زیادبونی توێژی ڕەبەن لەهەردوو ڕەگەز.

## 3- ڕێکارەکانی توێژینەوە

### 3. 1 میتۆد و شێوازی توێژینەوە:

میتۆد بریتیە لە خستنەڕوی ئەو ڕێگایانەی کە هەنگاوەکانی توێژینەوەکەی لەناو پلانەکەدا پێنوسراوە، تا بەهۆیەوە خوێنەر، لەشێواز و ڕێبازی توێژەر و کارەکەی تێبگات. چونکە هەرشێوازە و پێویستی بە پلانێکی نوێ هەیە لە دانانیدا. (انور سلیمان، 2002: 46) لەم توێژینەوەیە شێوازی وەصفی بەکارهاتووە و میتۆدی رووپێوی لە جۆری ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

### 3. 2 کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوەیەکە بریتیە گەنجانی دانشتووی شاری سلێمانی کە لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا تەمەنیان لەنێوان (18-34) ساڵ بووە، کە بەپێی خەملاندنی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2020) ژمارەیان نزیکەی (810,867) ، بەڵام هیچ ئامارێکی ورد نیە لەسەر ئەوەی لەو ژمارەیە چەندیان هاوسەرگیری کردوە، لەبەر ئەوە نمونەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە (213) گەنج کە نەچوونەتە پرۆسەی هاوسەرگیریەوە، کە بەشێوەی نمونەی ناگەری لە جۆری نمونەی بەرێکەوت لە شاری سلێمانی وەرگیراون کە (113)یان لەڕەگەزی نێر و (100)یان لە ڕەگەزی مێیە.

خشتەی (١)
نمونەی توێژینەوەکە

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 113 | %53 |
| مێ | 100 | %47 |

### 3. 3 ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە:

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە، توێژەر خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵێک پێوەرو توێژینەوەی پێشوو و ئامرازەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیان کرد، پاشان بەشێوەیەکی سەرەتایی پێوەرێکی ئامادەکرد کە پێکهاتبوو لە (19) بڕگە بۆ خواستی هاوسەرگیری، (10) بڕگە بۆ پێوانەکردنی ئاستەنگی هەژاری و (11) بڕگە بۆ پێوەری بێکاری و (7) بڕگە بۆ پێوانەکردنی ئاستەنگی هەڵئاوسان جێگرەوی وەڵامەکان بریتی بوون لە پێوانی لیکرتی پێنجی (تەواو هاوڕام، هاوڕام، بێلایەنم، هاوڕا نیم، تەواو هاوڕانیم).

### 3. 4 راستگۆیی:

مەبەست لە راستگۆی ڕواڵەتی، واتە پێویستە بڕگەکانی پێوەری ئامادەکراو، تەواوی ئامانجی توێژینەوەکە بپێون، دەبێت ناونیشانی توێژینەوەکە بە تەواو لە بڕگەکاندا ڕەنگبداتەوە. واتە دەبێ بڕگەکان بەشێوەیەکی قوڵ پێوانی ئەو بابەتە بکەن کە لە پێناویدا دانراون، نەک بەشێوەیەکی لاوەکی و رووکەشی. (عمر، 2012، ص 99) هەموو ئامرازێکی پێوانەکردن، دەبێ راستگۆیی ڕواڵەتی هەبێ، تا توێژەر بتوانێت لە توێژینەوەکەیدا بەکاری بێنێت. بەمەبەستی دڵنیابون لە گونجاوی پێوەرەکان ، بۆ پێوانی خواستی هاوسەرگیری، هەژاری، بێکاری، هەڵئاوسان، توێژەر فۆرمەکەی پێشانی کۆمەڵێک شارەزا و پسپۆردا، کە کە ژمارەیان (5) پسپۆڕ بووە، وەك لە پاشکۆی (1) دا خراوەتە ڕوو، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ڕێکەوتنی پسپۆڕان لەسەر پێوەرەکان گەیشتە (83%) بۆ پێوەری خواستی هاوسەرگیری و بۆ پێوەری هەژاری (80%) بۆ پێوەری بێکاری (85%) و بۆ پێوەری هەڵئاوسان (100%)کە ئەمەش ئاستێکی پێویستە تا بتوانرێت پشت بە پێوەرەکان ببەسترێت وەك لە خشتەی (2) خراوەتە ڕوو:

خشتەی (2)
ڕێژەی سەدی راستگۆیی پێوەرەکان

| پێوەرەکان | ژمارەی بڕگەکان | رازی بون |
|---|---|---|
| هاوسەرگیری | 19 | %83 |
| هەژاری | 8 | %80 |
| بێکاری | 9 | %85 |
| هەڵئاوسان | 7 | %100 |

### 3. 5 جێگیری:

جێگیری بەرێگەی دووکەرتبوونی نیوەیی، واتە دابەشکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ دوو بەش، ئەویش بە دانانی بڕگە جوتەکان بەیەکەوە و بڕگە تاکەکان بەیەکەوە، دابەشکردنی بڕگەکان بەمشێوەیە هاوسەنگی دەچەسپێنێت، لە هۆکارەکانی وەک: شێوازی بڕگەکان و گشتیگریان و ناوەڕۆک و ئاستی قورسیان، کاتێک بڕگەی پێوەرەکە بۆ دوو بەشی لەو جۆرە دابەش دەکرێت، هاوشێوە دەبن. بەم شێوەیە توێژەر بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پێرسۆن، (25) فۆرمی پێوەری پاڵنەرەکانی هاوسەریگری بۆ دەرهێنانی هاوسەرگیری پڕکردەوە، ئاستی جێگیری بڕگەکان گەیشتە (76%)، بەهەمان شێوە بۆ پێوەری هەژاری و ئاستی جێگیری بڕگەکان گەیشتە (74%)، بۆ پێوەری بێکاری ئاستی جێگیری بڕگەکان گەیشتە (81%) و بۆ گۆڕاوی بێکاری ئاستی جێگیری بڕگەکان گەیشتە (70%).

### 3. 6 جێبەجێکردنی کرداری:

توێژەر لە ڕێکەوتی (2023/4/3) تا ڕێکەوتی (2023/6/20) دەستیکرد بە دابەشکردنی فۆرمی راپرسی بەسەر سامپڵی توێژینەوە، کە ژمارەیان (213) فۆرم بوو. لەوانە (113) فۆرم دابەشکرا بەسەر ڕەگەزی نێر و (100) فۆرمیش دابەشکرا بەسەر ڕەگەزی مێدا. پاش ئەوەی رونکردنەوەی پێویستیان پێدرا سەبارەت بە چۆنێتی پڕکردنەوەی فۆرمەکە.

**ئامرازە ئاماریەکان:**

بۆ لێکدانەوەی لایەنی ئاماری توێژینەوەکە دەستەوارەی ئاماری (SPSS) بەکار هێنراوە.

## 4 لێکدانەوەی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

1- **پێوانەکردنی خوستی هاوسەرگیری لای گەنجان:**

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp350-359

بەپێی ئەنجامی خشتەی (3) دەردەکەوێت بەهای تائی هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای تائی خشتە بە بەهای بەڵگەداری (0.000) ئەم ئەنجامەش دەریدەخات کە جیاوازی ئاماری بوونی هەیە لای نمونەی توێژینەوەکە کەواتە پێوەری توێژینەوەکە لە توانایدایە پێوانەی خواستی گەنجان بکات بۆ هاوسەرگیری و لەبەرئەوەی کە ناوەندی ژمێرەی گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی، بە جیاوازی ناوەندی (34.05) بەم ئەنجامەش دەردەکەوێت گەنجان خواستیان هەیە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی ئەرێنی .

خشتەی (3)

پێوانەکردنی خوستی هاوسەرگیری لای گەنجان

| ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | جیاوازی ناوەندەکان | نمرەی ئازاد | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 91.05 | 6.63 | 57 | 34.05 | 212 | 5.254 | 1.971 | 0.000 |

## 2- پێوانەکردنی ئاستەنگەکانی (هەژاری و بێکارو هەڵئاوسان ) لەسەر ئەنجامدانی هاوسەرگیری:

ئەنجامەکان دەریدەخەن کەلە پێوەری هەژاری لە توانایدایە کە پێوانەی ئاستەنگی هەژاری بکات، چونکە نرخی تائی هەژمارکراو گەورەترە لە تائی خشتەیی، بە بەهای بەڵگەداری (0.000)، لەبەر ئەوەی ناوەندی ژمێرەی گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی بە جیاوازی ناوەندی (51.64) بەمەش دەردەکەوێت کە هەژاری بووەتە ئاستەنگێك لە ئاستەنگەکان لەبەردەم گەنجان دا بۆ ئەنجامنەدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، هەروەها ئەنجامەکان دەریدەخەن کەلە پێوەری بێکاری لە توانایدایە کە پێوانەی ئاستەنگی بێکاری کات، چونکە نرخی تائی هەژمارکراو گەورەترە لە تائی خشتەیی، بە بەهای بەڵگەداری (0.001)، لەبەر ئەوەی ناوەندی ژمێرەی گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی بە جیاوازی ناوەندی (59.36) بەمەش دەردەکەوێت کە بێکاری بووەتە ئاستەنگێك لە ئاستەنگەکان لەبەردەم گەنجان دا بۆ ئەنجامنەدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، هەروەها ئەنجامەکان دەریدەخەن کەلە پێوەری هەڵئاوسان لە توانایدایە کە پێوانەی ئاستەنگی هەڵئاوسان بکات، چونکە نرخی تائی هەژمارکراو گەورەترە لە تائی خشتەیی، بە بەهای بەڵگەداری (0.001)، لەبەر ئەوەی ناوەندی ژمێرەی گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی بە جیاوازی ناوەندی (67.17) بەمەش دەردەکەوێت کە هەڵئاوسان بووەتە ئاستەنگێك لە ئاستەنگەکان لەبەردەم گەنجان دا بۆ ئەنجامنەدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، وەك لە خشتەی (4) دا خراونەتە ڕوو. ئەم ئەنجامانە بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی چاوەڕوانکراوە، چونکە دۆخێکی ناسەقامگیری ئابووری و ناڕادەیەك کۆمەڵایەتی باڵی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا کێشاوە، بەهۆی ئەو قەیرانە یەکلەدوایەکانەی کە دەخولقێن، بەتایبەت لەدوای ناسەقامگیری پەیوەندیە ئابوری و سیاسیەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی لە بەغداد و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

خشتەی (4)

ئاستەنگەکانی (هەژاری و بێکارو هەڵئاوسان ) لەسەر ئەنجامدانی هاوسەرگیری

| پێوەر | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | جیاوازی ناوەندەکان | نمرەی ئازاد | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەژاری | 81.64 | 7.13 | 30 | 51.64 | 212 | 3.442 | 1.971 | 0.000 |
| بێکاری | 92.36 | 5.52 | 33 | 59.36 | 212 | 2.197 | 1.971 | 0.001 |
| هەڵئاوسان | 88.17 | 11.33 | 21 | 67.17 | 212 | 2.01 | 1.971 | 0.001 |

## 3- زانینی جیاوازی ڕای گەنجان سەبارەت بە پاڵنەرەکانی هاوسەرگیری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز:

بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (Independent T-test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای بەڵگەداری بریتیە لە (0.000) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) کەواتە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئاستی پاڵنەرەکانی هاوسەرگیری لای ڕەگەزی نێر بریتیە لە (56.81) بەلادانی پێوانەیی (6.63) و ڕەگەزی مێ بە ناوەندی ژمێرەیی (55.22) بەلادانی پێوانەیی (9.6). بەو شێوەیەی لە خشتەی (5) خراوەتە ڕوو، لێرەدا دەردەکەوێت پاڵنەرەکانی هاوسەرگیری بەڵگەدارە، لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر.

خشتەی (5)

ڕای گەنجان سەبارەت بە پاڵنەرەکانی هاوسەرگیری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 113 | 56.81 | 6.63 | 211 | 3.425 | 1.971 | 0.000 |
| مێ | 100 | 55.22 | 9.6 | | | | |

ئەگەر ئەو ئەنجامە بەراورد بکەین بە توێژینەوەکانی پێشوو، ئەم ئەنجام بەهەمان شێوەی ئەنجامی توێژینەوەی (لمی محمد عبدالجليل منلا) کە تێیدا هاتوە گۆڕانکاری بونیادی ڕوویداوە لە لە ئەرک و شێوەی پرۆسەی هاوسەرگیریدا، بەهەمان شێوە یەکانگیر دەبێت لەگەڵ توێژینەوەی (بوجمعه جمال) کە گەیشتوە بەو ئەنجامەی گۆڕانکاری لە بۆچونی گەنجاندا دروست بووە سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەریگری، بەڵام بەراورد بە ئەنجامەکانی توێژینەوەی (عبدالخالق يوسف الختاته)دا تەواو یەکدەگرنەوە لەو توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتوە بەو ئەنجامەی ئاماژەی ئاماری بەدی کراوە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ بەراورد بە ڕەگەزی نێر، سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەریگری.

## 4- زانینی جیاوازە لە ڕای گەنجان سەبارەت بە ئاستەنگەکانی (هەژاری و بێکاری و هەڵئاوسان ) بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز:

پاش کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی و ئامرازی ئاماری (Independent Sample T-test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە، لە ئەنجامدا دەرکەوت: سەبارەت بە گۆڕاوی هەژاری دەرکەوت کە جیاوازی نیە لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێ بە پێودانگەی بەهای تای هەژمارکراو (1.333) بچوکترە لە بەهای تای خشتەیی بە بەهای بەڵگەداری (0.122)، ئەگەر ئەو ئەنجامە بەراورد بکەین بە توێژینەوەکانی پێشوو، بۆمان

دەردەکەوێت ئەم ئەنجام یەک ناگرێتەوە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەی (منلا، 2014) کە تێیدا هاتوە لەکاتی ڕودانی تەنگژەی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا تەمەنی هاوسەرگیری گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا دێت. بەهەمان شێوە لەگەڵ توێژینەوەی (جمال، 2014) و توێژینەوەی (الختاتە، 2017)دا یەکناگرێتەوە.

سەبارەت بە گۆڕاوی بێکاری دەرکەوت کە جیاوازی هەیە لە تێڕوانینی هەردوو ڕەگەزەکە سەبارەت بە پێوانەکردنی پەیوەندی بێکاری بە پاڵنەرەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێر، چونکە بەهای تای هەژمارکراو (2.5) گەورەترە لە بەهای تای خشتەیی (1.971) بە بەهای بەڵگەداری (0.001) و لەبەر ئەوەی ناوەندی ژمێرەیی پەیوەندی بێکاری بە پاڵنەرەکانی هاوسەرگیری لای رەگەزی نێر بریتیە لە (36.9) بەلادانی پێوانەیی (10.74)، بەڵام لای رەگەزی مێ ناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە (33.5) بەلادانی پێوانەیی (8.97) کەواتە ڕەگەزی نێر زیاتر بەرەو ئەو ئاراستەیەن کە بێکاری کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر پاڵنەرەکانی هاوسەرگیری، ئەم ئەنجامە تەواو پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی (الختاتە، 2014)یە، توێژەر لەو توێژینەوەیەدا ئاماژەی ئاماری بەدی کردوە لەبەرژەوەندی ئەوانەی داهاتیان بەرزە بەراورد بەوانەی داهاتیان مامناوەند یان کەمە، سەبارەت بە ئەنجامەکانی تایبەت بە گۆڕاوی هەڵئاوسان دەرکەوت کە هەردوو ڕەگەز دەربارەی پەیوەندی هەڵئاوسان بە پاڵنەرەکانی هاوسەرگیریەوە جیاواز نین بەو پێیەی کە بەهای تائی هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای تای خشتەی بە بەهای بەڵگەداری (0.1)، ئەم ئەنجامە هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی (لمی محمد عبدالجلیل منلا)یە، کە گەیشتوە بەو ئەنجامەی ژمارەی هاوسەرگیری زیادی کردوە، لەکاتێکدا تەنگژەیەکی ئابوری قورس لە سوریادا بەدی دەکرێت، ئاستی هەڵئاوسان گەیشتۆتە بەرزترین ئاست. بەڵام لەگەڵ هەردوو توێژینەوەی (جمال، 2014) و توێژینەوەی (الختاتە، 2017)دا پێچەوانەیە. بڕوانە خشتەی (6) بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر.

خشتەی (6)

ڕای گەنجان سەبارەت بە ئاستەنگەکانی (هەژاری و بێکاری و هەڵئاوسان ) بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای تائی | | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| هەژاری | نێر | 113 | 30.4 | 9.45 | 211 | 1.331 | 1.971 | 0.122 |
| | مێ | 100 | 28.76 | 8.48 | | | | |
| بێکاری | نێر | 113 | 36.9 | 10.74 | 211 | 2.5 | 1.971 | 0.001 |
| | مێ | 100 | 33.5 | 8.97 | | | | |
| هەڵئاوسان | نێر | 113 | 26.06 | 6.16 | 211 | 1.58 | 1.971 | 0.1 |
| | مێ | 100 | 24.85 | 4.78 | | | | |

### 5- زانینی پەیوەندی نێوان خواستی هاوسەرگیری لای گەنجان و ئاستەنگەکانی (هەژاری و بێکارو هەڵئاوسان ) لەسەر ئەنجامدانی هاوسەرگیری:

وەك لە خشتەی (7) دا خراوەتە ڕوو پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان خواستی هاوسەری و هەژاری بەو پێیەی بەهای پێرسۆن یەکسانە بە (0.720) بە بەهای بەڵگەداری (0.017) واتا تا ڕێژەی هەژاری زیاد بکات خواستی گەنجان بۆ هاوسەرگیری کەم دەکات، هەروەها پەیوەندیەکی پێچەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان خواستی گەنجان بۆ هاوسەرگیری و بێکاری بەو پێیەی بەهای پێرسۆن یەکسانە بە (-.502**) بە بەهای بەڵگەداری (0.000) واتا پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی هاوسەرگیر کەمدەبنەوە کاتێك بێکاری ڕوو لە گەنجان دەکات و هەڵیکارکردنیان نابێت ، بەهەمانشێوە پەیوەندیەکی توند هەیە لە نێوان خواستی هاوسەرگیری و هەڵئاوسانی ئابوری بە شێوەیەکی پێچەوانە، چونکە ب بەهای پێرسۆن یەکسانە بە (-.617**) بە بەهای بەڵگەداری (0.000)، وەك لە خشتەی (8) خراوەتە ڕوو.

خشتەی (8)

پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان

| گۆڕاو | بەها | خواستی هاوسەری |
|---|---|---|
| هەژاری | پێرسن | -.720 |
| | بەهای بەڵگەداری | 0.017 |
| بێکاری | پێرسن | -.502** |
| | بەهای بەڵگەداری | 0.000 |
| هەڵئاوسان | پێرسن | -.617** |
| | بەهای بەڵگەداری | 0.000 |

**/ واتا بونی پەیوەندیەکی بەهێز لەسەر بنەمای بەهای بەڵگەداری (0.01)

## 5. دەرئەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

### 5. 1 دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1. پاڵنەری هاوسەرگیری لای گەنجان لە ئاستێکی بەرزدایە
2. هەریەکە لە ئاستەنگەکانی (هەژاری و بێکاری و هەڵئاوسان) هۆکارو ڕێگرن لە کەمبونەوەی خواستی گەنجان بۆ هاوسەرگیری.
3. ڕەگەزی نێرو مێ تێڕوانینیان وەك یەکە سەبارەت بە ئاستەنگەکانی (هەژاری و هەڵئاوسان) بەڵام ڕەگەزی نێرینە پێیوایە بێکاری ئاستەنگێکی بەهێزە لەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیری.
4. پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان پاڵنەری هاوسەرگیری و (هەژاری و بێکاری و هەڵئاوسان).

### 5. 2 راسپاردەو پێشنیار:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر تەنگژەی ئابوری و کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی، بەتایبەت لەبواری هاوسەرگیریدا. چونکە هاوسەرگیری داهاتوی گەشەسەندی کۆمەڵگە دیاری دەکات.
2. هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ توێژی گەنجان، لەپێناو کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی بێکاری.
3. کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی هەڵئاوسان، بەشێوەیەک لە بەرژەوەندی کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری هەبێت لەنێو کۆمەڵگە بەگشتی توێژی گەنجان بەتایبەتی.

## سەرچاوەکان


الساعاتي، سامية حسن (1981). الإختيار للزواج والأسرة المتغيرة، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.

عبدالمسيح، جورج (1993). البناء الإجتماعي، دار الركن للطباعة والنشر، دمشق.
العمر، معن خليل (2000)، علم اجتماع الأسرة، دار الشروق للنشر والتوزيع، القاهرة.
محجوب، محمد عبده (2012). انثروبيولوجيا الزواج والأسرة والقارية، السلسلة السوسيوانثروبيولوجية، الكتاب الأول، دار المعرفة الجامعية.
العزبي، زينب ابراهيم (1995)، علم الإجتماع العائلي، كلية الادب، جامعة بنها.
الساعاتي، سامية حسن (2007). الإختيار للزواج والتغير الإجتماعي، القاهرة.
رشوان، حسن عبدالحميد احمد (2003). الأسرة والمجتمع، مؤسسة شباب الجامعة، الإسكندرية.
الأخرس، محمد صفوح (2001). علم اجتماع العائلة، منشورات جامعة دمشق، دمشق.
الخوري، توما (2009). سيكولوجيا الأسرة، دار الجيل العربية، بيروت.
منذر، احمد (1995). مبادئ الاقتصاد الكلي، مركز الإسكندرية للكتاب، الإسكندرية.
احمد، عبدالرحمن (2004). النظرية الإقتصادية الكلية والجزئية، ط2، الدار الجامعية، الإسكندرية.
القرشي، مدحت (2007). اقتصاديات العمل، ط1، دار وائل للنشر، الأردن.
الموسوي، ضياء مجيد (2005). النظرية الاقتصادية،ديوان المطبوعات الجامعية، ط3، الجزائر.
صخري، عمر (2000). التخليل الاقتصادي الكلي، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.
عبدالرزاق، فارس (2002). الفقر وتوزيع الدخل في الوطن العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
بن ناصر، عيسى (2003). مشكلة الفقر في الجزائر، مجلة الاقتصاد والمناجمنت، كلية العلوم الاقتصادية والتسيير، جامعة تلمسان، العدد 2.
باقر، محمد حسن (2003). قياس الفقر في دول اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا، نيويورك: الامم المتحدة.
مخلف، هدى زوير (2009). الدعم الاقتصاد المعرفي والتنمية البشري، إطار ودراسة مقارنة في بلدان عربية مختارة، اطروحة دكتوراه، كلية الإدارة والإقتصاد، جامعة الكوفة.
مخلف، هدى زوير (2004). قياس مؤشرات ظاهرة الفقر في الوطن العربي، دراسة تحليلية للمدة 1970-1998، رسالة مجستير غير منشوره، كلية الإدارة والاقتصاد، جامعة الكوفة.
عبود، حيدر مجيد (2009). دراسة السياسات المالية في معالجة مشكلة الفقر في العراق، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية الإدارة والإقتصاد، جامعة الكوفة.
الامم المتحدة، اللجنة الإقتصادية الإجتماعية لغرب اسيا (2003). البيان الختامى للقمة العالمية لمجتمع المعلومات، بيروت.
ب. برينية وا. سيمون (1989). ترجمة عبدالأمير إبراهيم شمس الدين، أصول الاقتصاد الكلي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، لبنان.
الأشقر، احمد (2002). الاقتصاد الكلي، الدار العلمية للنشر ودار الثقافة للنشر والتوزيع.
جميل، احمد محمود، مصطفى شلابي محمد غانم، متولي عبد المؤمن محمد المرسي (2013). البطالة: الأسباب والآثار وتقييم السياسات الحالية وآليات العلاج المقترحة في ضوء المستجدات، منشورات المنظمة العربية للتنمية الإدارية، جامعة الدول العربية، القاهرة.
عوض، شريف محمد (2008). الآثار الاجتماعية للتضخم على بعض شرائح المجتمع المصري، دراسة ميدانية بمحافظة الجيزة، رسالة دكتوراه غير منشورة، قسم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة القاهرة.
الروبي، نبيل،1985. نظرية التضخم، مؤسسة الثقافة الجامعية، القاهرة.
العيسوي، ابراهيم (2001). التنمية في عالم متغير-دراسة في مفهوم التنمية، مؤشراتها، ط2، دار الشروق، القاهرة- مصر.
عوض، شريف محمد (2008). الآثار الاجتماعية للتضخم على بعض شرائح المجتمع المصري، دراسة ميدانية بمحافظة الجيزة، راسلة دكتوراه غير منشورة، قسم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة القاهرة.

B.leed-hurwitz.(2002). pix,London.

Baban, A. A. H., & Abdallah, A. M. , N (2019). The Role of Family Problems in the performance of the Work of Employees in Government Institutions. *Journal of University of Raparin*, *6* (1), 423-450.

Bourdien.p (2000). prople la recherché en science socials ,No.100.

Chris Mulhearn, Howard R. Vane and James Eden (2001).« Economics for Business » Palgrave.

G.pun can maitchell (1986). a dictionary of sociology ,rout ledger &keg an paud (2020/12/6) .Time (11:50) https://kurdistantv.net/ku/news/106145

Imad A.Moosa (2008). Economic growth and Unemployment in Arab countries :Is Okun's low valid. Journal of Development and Economic Policies.Vol.10.No.2.

John Scott And Gordon Marshall (2005). A Dictionary Of Sociology, Oxford University press.

Lee, Y., Kim, H.L. and Hyun, S.S. (2022). Effect of intrinsic and extrinsic motivations on service performance after parental leave. *International Journal of Environmental Research and Public Health*, *19*(5) :.2715. Voitovych, N. and Hlushko, M., 2022. Motives of the Marriage of the Ukrainians in the Galician village in the First Half of the XXth Century (based on archival materials of Lviv Greek Catholic Metropolitan Consistory).

Westrick-Payne, K.K. (2022). A Profile of National and State-level Marriage Rates in the US, 1880-2018: A Research Note.

پاشکۆی (1) ناوی ئەو پسپۆڕانەی پێوەرەکەیان هەڵسەنگاندوە

| ناو | پسپۆری | شوێنی کار |
|---|---|---|
| پ.ی. بەختیار ئیبراهیم فەتاح | کۆمەڵناسی پەروەردە | ز. سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| پ.ی.د کاوە محمد حسین شریف | کۆمەڵناسی مەعریفە | ز. سلێمانی/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان |
| د. عادل محمد نوری | دەرونزانی کۆمەڵایەتی | ز. سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| د. عوسمان براهیم حمد | کۆمەڵناسی پەروەردە | ز. ڕاپەڕین فاکەڵتی پەروەردە |
| د. هیوا قادر محمد | کۆمەڵناسی ئاینی | وەزارەتی پەروەردە |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp350-359